عێراق پەیوەندی بە بانکی ئەورووپی بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدانەوە دەکات

سندوقی عێراقی بۆ گەشەپێدانی دەرەکی لەو وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵ ڕایگەیاند، دوای ئەوەی ئەنجومەنی نوێنەران یاسای ئەندامبون لەگەڵ بانکی ئەورووپای بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان (EBRD) پەسەندکرد، ئەمەش بەفەرمی عێراق پەیوەندی بۆ بانکەو کردو بوە بە ئەندام و دەتوانێت سود لە پاڵپشتیە داراییەکانی لەڕووی گەشەپێدانەوە وەربگرێت.

وەزارەتی دارایی لەگەڵ ڕاگەیەندراوەکدا باویکردەوە، بەئەندامبونی عێراق لەگەڵ بانکی ئەورووپا بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان لەچوارچێوەی دیدگای وەزارەتی دارایدایە بۆ پتەوکردنی چوارچێوەی هاریکاری و پەیوەندی نێوان عێراق و دامەزراوەگەلی دارایی نێودەوڵەتییەکان، بەتایبەت دوای هەماهەنگی بەردەوامی سندوقی گەشەپێدان لەگەڵ کارگرووپی بانکی ئەورووپی.

لەلای خۆشیەوە، سندوقی ئیدارەی بانکی ئەورووپا پشتڕاستیکردەتەوە، بەئەندامبون لەگەڵ بانکی ئەورووپی دەتوانێت پارەی پڕۆژەکان لەگەڵ ناوخۆی وڵاتدا دابین بکات، پەرەپێدانی کەرتەکان

جیاوازەکان بەرەوپێش ببات، پشتگیری لە دەستپێشخەریی کارگێی بکات، پشتگیری لە کەرتی تایبەت بکات لە ڕێگەی وەبەرهێنان و بەشداریکردن لە گفتوگێی سیاسەت و هاوکاری تەکنیکی. ئاماژە بەوەکراوە، بانکی ئەورووپی بۆ ئاوەدانکردنەوە و گەشەپێدان (EBRD) بانکێکی گەشەپێدانی فرەلایەنە و بارەگاکەی لە لەندەنە، گرنگی بە وەبەرهێنان دەدات وەك ئامرازێك بۆ دوبارە بنیاتنانەوەی ئابووری بازاڕ لە وڵاتانی سودمەند، لەگەڵ جەختکردنەوە لەسەر پاڵپشتیکردنی کەرتی تایبەت و وەبەرهێنانەکانی لە چالاکیی هاوڕکاری و سیاسی.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی دارایی عێراق، ئەم بانکە یارمەتی وڵاتان دەدات بۆ پەرەپێدانی سیاسەتەکانیان بۆ بەرەوپێشبردنی خێبژێوی لە بازاڕەکانی وزە یان وزەی نوێبوونەوە